# ڕێگای کوردستان

چوارشەممە (٨)ی ئەیلول (سێپتەمبەر)ی ٢٠٠٤ ژمارە (٦٠٩) ساڵی (٥٩)



عەلی مەحمود Alimahmud٢٠٠١@yahoo.com


-قوڕ بەسەر ئەو گەڕەکەی بۆڕی ئاواکەی لە مانگێکدا دەشکێت لە ڕۆژی لە دایك بوونی پارت و سەرکردەوە دووره , ئەوە ژنان لە باتی مافەکانییان دەبێت ئەو ساڵە بە شان ئاو بکێشنەوە . لە یادی دامەزراندنی پارتدا بۆڕییە شکاوی چاککراو , جادەی پینە کراو , تەختە ڕەشی بۆیە کراو هەموو دیارییە بـۆ گەل , ئیتر نازانم بە کرێکاری پەیدای دەکەن یان گومرگ و نەوتەکەی کەرکوکە؟؟. نوسەرێکی کەرکوکی بەمەشـەوە نەوەسـتا گەڕانـەوەی ئـاوارە هەناسـە ساردەکانیشی بۆ کەرکوك کردە موکەڕەمەی یادی دامەزراندنی پارتی فەرمان ڕەوا , ئەمە شەنس و ناوچەوانە , بە سەفتە دۆلاری ئەوانەوە دەگەڕێنـەوە!!! . دەسەڵات بوو پول دەبێت , پول بوو ماستاو چی وەك خۆڵە بێت , سیاسەت لای ئێمە ئاوهایە .

-پاکسازی گەندەڵی قوڕ بەسەری گەلی تێدایە ئەگەر خوا بەو ڕۆژە نەکات بگاتە سزا دانی بەرپرسە حێلەکان , مەسئولی گەورەی کـۆن ئەوەنـدەی کۆکردۆتەوە ئینتەلای کردووە , دەرو دراوسێ , خزم و ئەحباب , دۆست و سکرتێر , حیمایەو شۆفێر.... , هەموی خەنی کردووە ,بمێنێتەوە قازانجی عەوامی تێدایە. ئەوەی بیری لێناکرێتەوەو مومکین نییە قەت بەدی بێت سزا دانیانە , بەڵام خوا نەخواستە ئەگەر بگۆڕدرێن قوڕمان بۆ دەگرترێتەوە نوێکان بـە هەڵپـە دەیانەوێت فریای کۆنەکان کەون , تا تێرە بن میلەت ئەگەر نۆکە کرماوییەکەی بایەعییەکە و مانگانەی حکومەتی ناوەندی نەبێت لە برسان دەمرن. توخوا بە گەورەیی خۆتان بمبورن ئەگەر بڵێم باوەڕم بە پاکسازی نییە , چونکە دەزانم دزی گەورە بۆ ڕێزلێنانە و دزی بچوکیش بۆ کونی زیندانە .

-ڕێدار ناحییەکی بچکۆلانەیە ماستە خۆش و لۆرو پەنیرەکەی و پەنجە مۆری خەڵکەکەی نەبێت بۆ هەڵبژاردن خێری دیکەی تێدا نییـە, هێشـتا یـەك دیواری لیّ قیت نەکراوەتەوە کەچی دوو مودیری ناحییەی بۆ داندراوە , ئەوە ئاوەدان کرێتەوە و چەوراییەکی تێدا بێت هەر پێمانە کرێت مدیرەکانی بژمێرین , قوڕ بەسەر ئەو خەڵکە بەرگەی ئەم هەموو مودیر و نوێنەری حکومەت و حیزب و نوێنەری سەرۆك و سەرۆك خێڵە بگرێت .

-دەستەیەکی حیزبی لە لەندەنەوە هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئەوانەی ڕەخنە دەگرن قەڕناقاو پشت ئاشان و کەپکی حەمەداغایان پیّ نیشانە دەنـەوە, بابە وسکت بن با کەس گوێی لێتان نەبێت بینۆتشە وا لەسەر تاوانی لەوە بچوکتر کە یەکە کوڕی کیسەنجەر بوو جۆرکی لەسەرە نرێت , مەگەر نـازانن تـاوان چەندە کۆن بێت بەڵام پەڵەکەی بە ناوچەوانەوە هەر دەمێنێتەوە , ئەوە لە لەندەنەوە هەڕەشەی وا دەکەن , خۆزگەم بە هەڕەشەکانی سوپای دزان لە فەلوجەوە .